وەزارتی تەندروستی
ژمارە : 12837 لە 2014/9/11

پاڵپشت بە بڕگەی پێنج لە ماددەی 22 لە یاسای تەندروستی گشتی ژمارە 89 ی ساڵی 1981 ئەم ڕێنماییانەی خوارەوەمان دەرکرد :

**ڕێنمایی ژمارە ( 2 )ی ساڵی 2014**
**ڕێنمایی زیادکردنی یۆد بۆ خوێی چێشت**

یەکەم :





وەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەرپرسە لە چاودێری کردنی ڕێژەی یۆد لە خوێی بەرهەمهێنراوی ناوخۆیی و هاوردە کراو ، لە سەرتاسەری خاکی هەرێمی کوردستانی عێراق .

دووەم :

ڕێگری لە بەرهەمهێنەران و هاوردەکاران و فرۆشیاران دەکرێت خوێی بەکارهێنراو لەلایەن مرۆڤەوە بفرۆشن ئەگەر یۆدی تێدا نەبێت بەڕێژەیەك کە کەمتر نەبێت لە 50ملگم / کگم و زیاتر نەبێت لە 80 ملگم / کگم ، بە پێی ستاندەردی پێوانەی عێراقی (بڕگەی 4 - 9 / 2003 ) .

سێیەم :

گشت خاوەن کارگەکانی پاڵاوتنی خوێ کە خوێی شۆراوە بە یۆد بەرهەم دێنن لە سنووری خاکی هەرێمی کوردستان ، ئەمانەی خوارەوەیان لەسەر دەسەپێنرێ :

1- پێویستە کارگەکانیان گشت ئەو ئامێرە پێویستانەی تێدابێت کە تایبەتن بە تێکەڵکردنی یۆد بە خوێ

2-سەردانیکردنی لایەنی تایبەتمەند و پەیوەندار لەوەزارەتی تەندروستی تاوەکو شێوازەکانی کۆنترۆڵکردنی بڕی یۆدیان پێبدەن و ڕێژەی سەدی یۆدیان بۆ دیاری بکەن .

3-پێویستە خوێی شۆراوە بە یۆد ، بەرهەمی خۆماڵی بێت یان هاوردەکراو لە ناو قوتووی پۆلی ئەسیلین (بولی پیلین polyethylene) (ناروون) هەڵبگیرێت و بە باشی سەری داخرابێت و بڕەکەشی لە یەك کیلۆ گرام زیاتر نەبێت .

4- ئەم شتانەی لەسەر نووسرابێت :

أ- جۆری خوێی شۆراو بە یۆد یان خوێی سەرخوان یا خوێی چێشتخانەی شۆراو بە یۆد هەروەها دیاریکردنی خەستی یۆدەکە بە ملگم / کگم لە خوێ .

ب-جۆر و بڕی ئەو زیاد کراوە کیمیاییانەی کە بۆ خوێیەکە زیاد دەکرێت بە پێی ستاندەردی عێراقی

ت-مێژووی دروستکردنی خوێی شۆردراو بە یۆد و مێژووی بەسەر چوونی .

پ- ناوی کارگە و ناونیشان و ناوی وولاتەکەی کە لێی دروستکراوە .

5- پابەند بوون بە پێکهاتەی خوێی شیاو بۆ بە بەکار هێنان بە پێی ستاندەرد و مەرجە دیاریکراوەکان لە لایەن دەزگای پێوەر و پێوانەییەکان و ستاندەردی عێراقی .

*ڕێنماییەکانی بەندەکانی (3 - 4 - 5) لە بڕگەی (سێیەم) هەموو ئەو خوێیە بە یۆد شۆراوانە دەگرێتەوەکە لە دەرەوە هاوردەکراون .

چوارەم :

سەرپێچیکاری ئەم ڕێنماییانە ، ئەو سزایانەی بەسەر دەسەپێنرێت کە لە یاسای تەندروستی گشتی ژمارە 89 ی ساڵی 1981 ، مادەی 96 دا هاتوە .

**پێنجەم :**

شەش مانگ بوار دەدرێت بە بەرهەم هێنەران و دابەشکاران و فرۆشیاران لە رۆژی بڵاوکردنەوەی ئەم رێنماییانە لە رۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) ، تا ئەو (خوێ ) یەی عەمبارە یان خستراوەتە روو بۆ فرۆشتن بەر لە دەرچوونی ئەم رێنماییانە بیفرۆشن .

**شەشەم :**

پێکهێنانی لێژنەیەکی چاودێری کردن بۆ پەیرەوکردن و جێبەجێ کردنی ئەم رێنماییانەی کە لەسەرەوەدا هاتووە و تایبەتە بەزیادکردنی خوێ بۆ یۆد .

**حەوتەم :**

کار بەم رێنماییە دەکرێت لە رۆژی دەرچوونی لە رۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) .

## هۆکارە پێویستەکانی دەرچوون

1- یۆد توخمێکی خۆراکی بنەڕەتیە بۆ مرۆڤ ، گرنگە بۆ گەشەکردن هەتاکو لە دوای لە دایك بوونیشدا ، ئەو ئاڵۆزیانەی کە لە دەرەنجامی کەمبوونی یۆد (IDD) روودەدەن بۆی هەیە ببنە هۆی لە بار بردنی منداڵ و دواکەوتنی ئەقڵی و دواکەوتنی گەشەکردن ، سەرەڕای ئاوسانی گلاندی دەرەقی .

2- کەمبوونی رێژەی یۆد لە نێو خاکدا بە هۆی ئەو سەردەمانەی کە زەوی پێی تێپەڕیوە ، لەسەرەتای دروست بوونیەوە ، هەروەها بەهۆی ئەو لافاوە یەك لە دوای یەکانەوە کە روویان داوە و بەم هۆیەوە بڕێکی زۆری لە یۆد لەگەڵ خۆی راماڵیوە .

3- زیاد کردنی یۆد بۆ خوێی چێشت ، چونکە خوێ یەکێکە لە مادده زۆر جێگیرەکان ، و بە گۆڕانکاریە سرووشتیەکان گۆڕانکاری بەسەر نایەت ، هەروەها تا ڕێژەیەك هەرزانە و لەبەر دەستی هەموو ئەندامانی کۆمەڵگەیە .

4- بە پێی ئەو لێکۆڵینەوەی کە لە ساڵی 2012 لە عێراق ئەنجام درا ، لە لایەن وەزارەتی تەندروستیەوە بە هەماهەنگی لەگەڵ رێکخراوی یۆنیسێف و چەند رێکخراوێکی تری جیهانی ،

و منداڵانی تەمەنی قوتابخانەشی لەخۆ گرتبوو ئەنجامەکە ئەوەی دەرخست کە کەمبوون هەیە لە یۆدی سووك ( Mild iodine deficiency ) .

5- ڕێککەوتن لەسەر بەکارهێنانی ئاوێتەی ئایۆداتی پۆتاسیۆم (KIO3) چونکە ئەم ئاوێتە پلەیەکی خۆڕاگری زۆر جێگیری هەیە و بەرگەی گەرمی و شێ بە شێوەیەکی ڕێژەیی دەگرێت ، هەروەها لە رووی ژاراوی بوونەوەش ئەوا بە پلەیەکی بەرز بێ ترسە .

د. ڕێکەوت حمە رشید کریم

وەزیــری تــەنــدروستی